وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

ژمارە : ١٧٩٨٩

ڕێکەوت : ٢٠١٠/٨/٩

بـــەیـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بەگوێرەی بڕگەی (١) لە ماددەی (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو لەبەر بەرژوەندی گشتی وە گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی پێباز لەسنووری شارەوانیەکانی سلێمانی بۆ (٧٩٧٦) کەس بریارماندا بە :-

١- گۆڕینی پلەی شارەوانی پـێباز لە پلەی (٤) بۆپلەی (٣) .

٢- ئەم بریارە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمی دا جێ بەجێ دەکرێت .

ئەندازیار
سمیر عبدالله مصطفی
وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

وەزارەتی دارایی و ئابووری

ژمارە : ٩٣١٥

ڕێکەوت : ٢٠١٠/٨/١٨

بـــەیـــان

بەپێی ماددەی (٣٧) بەش (١٨) لە یاسای ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بریارماندا بە :-

پێك هێنانی لیژنەی ووردبینی بۆ چاوخشانەوە لەکێشەکانی رەخنەگرتن لە باجی دەرامەت لەم بەرێزانەی خوارەوە

ژ	ناو	ناونیشان	لیژنە
١	نوزاد کریم حکیم	دادوەر	سەرۆکی لیژنە
٢	حروش عمر اسعد	بەرێوەبەری گەنجینەی هەولێر	ئەندام
٣	طیب معروف ابراهیم	بەرێوەبەری ژمێریاری	ئەندام
٤	نزار حسین عبدالله	بەرێوەبەری خانووبەرەی دەولەت	ئەندامی یەدەگ
٥	شیرزاد فتاح محمد صالح	فەرمانبەر	سکرتێری لیژنە

بایز سعید محمد
وەزیری دارایی و ئابووری